*Journal of Language Studies* **Vol.8, No.3, 2024, Pages (56-70)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.8.3.4**

IRAQI Academic Scientific Journals
العراقية المجلات الأكاديمية العلمية

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: https://jls.tu.edu.iq/index.php/JLS

# Structural Deviation in the poetical language of Jalal Malaksha

**Salam sharef khasraw***
**Persian Department, college of language, university of sulaymaniyah**
**salam.khasraw@univsul.edu.ig**

**&**

**sarwar sadulla salaih**
**kurdish Department, college of Education , university of charmo**
**sarwar.sadulla@charmouniversity.org**

**Received:** 12 / 1 /2024, **Accepted:** 18/2/ 2024, **Online Published: 31/ 3 / 2024**

## Abstract

The abstract of this research presents the structural deviation in the poetical language of Jalal Malaksha and analyze his poetical texts. Deviation is deviate of the rules of the language, but it does not mean that there is not any boundary for this deviation. Leech created a boundary between deviation and additional rules when he describes deviation. He believes that deviation is possible when the communication and expression is conceivable and the embodiment is acceptable to be expressed. Jala Malaksha attempted to write in a meaningful and effective way, in all his texts, structural deviation in the three levels of (phonology, morphology and syntax) is perceived, which each of them illustrated in a differ way. For example, phonological deviation in the bases of some texts that is a deletion of phoneme which the necessity of the texts is needed and the poet needs to embody it. Furthermore, Jalal Malaksha to establish invented texts and make a role on the

* **Corresponding Author**: Salam sharef**, Email:** salam.khasraw@univsul.edu.ig
**Affiliation**: sulaymaniyah University - Iraq

© This is an open access article under the CC by licenses http://creativecommons.org/licenses/by/4.0

reader, he applied language deviation in the level of word. So, he applied many deviations in the level of sentence such as (delete language elements and move the language elements) in the bases of some poetical texts, he could apply new and invented technique in the poetical texts.

**Keywords**: concept of deviation, deviation of the levels of phonology, morphology, syntax**,** poetical texts of Jalal Malaksha.

## الانحراف البنائية في لغة الشعرية عند جلال ملكشا

**ا.م. سلام شريف خسرو**
**جامعة السليمانية**
**و**
**ا.م. سرور سعدالله صالح**
**جامة جرمو**

**الـمستـخلـص**

خلاصة هذا البحث هو عرض الانحرافات البنيوية في لغة الشعرية عند جلال ملكشا وتحليل النصوص الشعرية. الانحراف هو الخروج عن قواعد اللغة الفطرية، لكن هذا لا يعني أنه لا حدود لهذا الانحراف. (ليج) يقول في تكلم عنها وتكلم عن شرحه و قواعده ويحدد حداً لهذين الاثنين في رأيه لا تمكن الانحراف الا اذا كان مضى قدما الى الاحسن وإلى الحد الذي لا تنقطع فيه علاقة تصنيع و التعبير جديرا بالتعبير، وقد حاول جلال ملكشا استخدام لغة فعالة وذات معنى حيث يوجد في نصوص الشعرية الشاعر انحراف بنيوي على مستوى ثلاث (صوتية و صرفية ونحوية) كل واحدة منها مبينا بشكل مختلف، كالانحراف الصوتي عن البنية، وفي بعض النصوص الشعرية تقتضي ظاهرة قطع الصوت النص الشعري ويضطر الشاعر إلى التعبير عنه . على الرغم ذلك، قام جلال ملكشا بالعديد من الانحرافات اللغوية من أجل بناء نصوص إبداعية والتأثير على القارئ في مستوى الكلمة، بالإضافة إلى العديد من الاشكال متنوعة في الانحراف في الجُملة مثلا( إزالة المواد اللغوية و تقديم و تأخير )،في البناء لبعض النصوص الشعرية واستطاع أن يبتكر أسلوباً جديداً وتركيب النصوص الشعرية بطريقة إبداعية.

**الكلمات الدالة:** مفهوم الانحراف الانحراف عن المستوى (الصوتي والصرفي والنحوي) لنصوصه الشعرية جلال ملكشا.

*Journal of Language Studies.* **Vol.8, No.3, 2024, Pages (56-70)**

# لادانی پێکهاتەیی لە زمانی شیعریی جەلال مەلەکشادا

**سەلام شەریف خەسرەو / زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، بەشی فارسی**

**سەروەر سەعدوڵڵا ساڵەح / زانکۆی چەرموو، کۆلێژی پەروەردە، بەشی کوردی**

## پوختە

پوختەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە خستنەڕووی لادانی پێکهاتەیی لە زمانی شیعریی جەلال مەلەکشادا و شیکردنەوەی دەقە شیعرییەکانی. لادانیش بریتییە لە لادانی یاساکانی زمانی خودکار، بەڵام ئەوە ئەمە ناگەیەنێت، کە هیچ سنورێك نەبێت بۆ ئەم لادانە. (لیچ)، لە کاتی باسکردنی لادان و باسکردنی لادان و ڕێسا زیادکراوەکاندا سنورێك بۆ ئەم دوانە دادەنێت، بە بڕوای ئەو لادان تەنیا کاتێك دەتوانێت، هەتا ئەو سنورە بچێتە پێشەوە کە پەیوەندی دروستکردن تێکنەچێت و بەرجەستەکردن شیاوی دەربڕین بێت. جەلال مەلەکشا هەوڵی داوە بە زمانێکی کاریگەر و پڕمانا بنووسێت، لە کۆی دەقە شیعرییەکانی شاعیردا لادانی پێکهاتەیی لە هەر سێ ئاستی (دەنگسازی، وشەسازی، ڕستەسازی) بەیدەکرێت، کە هەر یەکەیان بەشێوەیەکی جیاواز خرراونەتەڕوو، وەك لادانی دەنگی لە بنیاتی هەندێك دەقی شیعریدا بەرچاودەکەوێت، کە ئەویش دیاردەی قرتاندنی فۆنیمە، کە پێداویستی دەقە شیعرەکە دەخوازێت و شاعیریش بەناچاری بەرجەستەی دەکات. وێڕای ئەمە جەلال مەلەکشا لە پێناو بنیاتنانی دەقی داهێنەرانەدا و کارکردنە سەر خوێنەر لە ئاستی وشەدا چەندین لادانی زمانی پەیڕەوکردووە، هەروەها گەلێك شێوەی جۆربەجۆری لادانی ڕستەییشی، وەك (لابردنی کەرستە زمانییەکان، پاش و پێشخستن)ی لە بنیاتنانی هەندێك لە دەقە شیعرییەکاندا پەیڕەوکردووە و توانیوێتی شێوازێکی نوێ و داهێنەرانە بە بنیاتی دەقە شیعرییەکان بدات.

**وشە سەرەکییەکان: چەمکی لادان، لادان لە ئاستی (دەنگسازی، وشەسازی، ڕستەسازی)دا، دەقە شیعرییەکانی جەلال مەلەکشا.**

## پێشەکی

لادان لە ڕێگەی زمانەوە دروستدەبێت بۆ گەیاندنی پەیامەکان. لادان لە زماندا بە واتای خۆنەبەستنەوە بە یاسا و ڕێسا ڕێزمانییەکان دێت، واتە شاعیر هەوڵدەدات لەو یاسایانە لابدات، کە زمانەکە پێکدەهێنن. ئەمەش لە پێناو ئەوەدایە، زمانێکی نوێ و تایبەت بۆ خۆی بهێنێتەئاراوە، تاوەکو لە ڕێگەی ئەم زمانەوە گوزارشت لە ژیان و دیاردەکانی دەوروبەی خۆی بکات. زمانی شیعریی جەلال مەلەکشایش لە لادان بەدەر نییە، واتە لە ڕێگەی بەکارهێنانی توانستە زمانییەکانییەوە زۆر سەرکەوتووانە پەیڕەوی لادانی کردووە، تاوەکو لە ڕێگەیەوە هەموو ئەو هەست و سۆز و خرۆشانە دەروونانەی هەیەتی دەریانبڕێت و خوێنەری لێ ئاگادار بکاتەوە.

### هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

لەڕاستیدا بەشێوەیەکی ئەکادیمی توێژینەوە و ئاوڕدانەوەی ئەوتۆ لەڕووی لادانی شیعرییەوە لە دەقە شیعرییەکانی (جەلال مەلەکشا) نەدراوەتەوە و باسی ڕۆڵ و گرنگی زمان لە بنیاتی دەقە شیعرییەکانی نەکراوە و بەوردی ئەو پەیوەندییەی لە نێوان زمان و شیعریدا هەیە نەخراوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، ئەمەش هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی ئەو پەیوەندییەی نێوان زمان و شیعر لە بنیاتی بەرهەمی ئەو شاعیرەدا.

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:**

لەم لێکۆڵینەوەدا ڕێبازی (وەسفی- شیکاری) بەکارهێنراوە، تا بەهۆیەوە بتوانرێت هەندێك لەو لادانە زمانیانەی، کە هەن بخرێنەڕوو، هەروەکو ئەوەی لە دەقە شیعرییەکاندا ڕەنگیان داوەتەوە.

**ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە:**

بنیاتی لێکۆڵینەوەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە، کە بریتین لە:

لە بەشی یەکەمدا هەوڵدراوە لەڕووی تیۆرییەوە بەشێوەیەکی زانستیانە ئاوڕ لە هەر یەکە لەم تەوەرانەی خوارەوە بدرێتەوە، لەوانەش وەکو: (چەمك و پێناسەی لادان، لادان و هەڵەی زمانی، مەرجەکانی لادان، جۆرەکانی لادان).

هەروەها لە بەشی دووەمیشدا هەوڵدراوە لەڕووی پراکتیکییەوە بەشێوەیەکی زانستییانە ئاوڕ لە بوونی لادانی پێکهاتەیی لە هەرسێ ئاستی (دەنگسازی، وشەسازی، ڕستەسازی) بدرێتەوە، کە زمانی شیعریی ئەو شاعیرەدا هەن و ڕەنگیان داوەتەوە.

لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەشدا، هەموو ئەو ئەنجامانەمان خستووەتەڕوو، کە لە دووتوێی لێکۆڵینەوەکەدا پێی گەیشتووین، لەگەڵ خستنەڕووی لیستی سەرچاوەکان و وەرگێڕانی پوختەی لێکۆڵینەوەکە بۆ هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

**بەشی یەکەم/ پاژی یەکەم:**

**1- ناساندنی چەمکی لادان:**

بۆ یەکەم جار چەمکی لادان لەلایەن فۆرمالیستەکان و بەتایبەت (شکلوفسکی)وە خرایەڕوو. فۆرمالستەکان زمانی شیعریان لەگەڵ زمانی پەخشان جیاکردەوە و ڕایان وابوو شاعیر بۆ سەرنجڕاکێشانی بەرانبەرەکەی بەجۆرێك زمان بەکاردەهێنێت، ئەو بەکارهێنانە زمان تازەبکاتەوە.(سەغری سلیمانی نەژاد مهیر ئاباد،127 :1395). لە ڕوانگەی (لیچ)ەوە سەرەکیترین

تایبەتمەندی لادان خستنەڕووی مانا و دەلالەتە. بەجۆرێك ئەگەر شاعیر لە پرۆسەی لاداندا سەرکەوتوو بێت، دەتوانێت سەرنجی خوێنەر لە ماناوە بۆ زمان بگەڕێنێتەوە. (سەرچاوەی پێشوو، 128 :2015 )

لادان چەمكێكی فرەڕەهەندە، بەو مانایەی لە سنور و بوارەكانی تری ژیانی وەك ( دەروونناسی، ئایین، كۆمەڵناسی، فیزیا.... تاد) ئامادەیی هەبووە و لە هەر یەك لەو بوارانەدا بە واتا و مەبەستی تایبەت و دیاریكراو بەكارهێنراوە. لە بواری ئەدەبیدا نووسەر چەمكی لادان لە چوارچێوەی دەقێكی ئەدەبیدا بەرجەستە دەكات و خوێنەریش هەر لەسەر ئەو دەقە بڕیار جۆر و چۆنییەتی لادانەكانی ئەو نووسەرە دەدات.(سافییە ئەحمەد محەمەد، 9:2013) لادان ڕەنگێكە لە ڕەنگەكانی گوتەی شیعریی و دیاردەیەكی سەرەكی زمانی شیعرە، جیایە لە گوتەی زمانی ئاسایی. (ناز ئەحمەد سەعید، 2013:26).

ئەوەی لەم باسەی سەرەوە هاتووە، دەتوانین بۆ چەند خاڵێك كورتی بكەینەوە:

1.لادان چەمكێكی زۆر فرەڕەهەند و گشتگیرە، زۆر بواری ژیانی گرتووەتەوە.

2. شاعیر لە شیعردا بەو لادانەی كە دەیخوڵقێنێت خوێنەر بەلای خۆیدا ڕادەكێشێت. هەر خوێنەریشە كە بڕیار لەسەر دەقەكە دەدات.

3.سەرەكیترین مەرج و بنەمای زمانی شیعر، بوونی لادانە تێیدا.

**2-لادان و هەڵەی زمانی**:

زۆرێك لادان و هەڵەی زمانی بە یەك دەزانن. لە ڕاستیدا ئەم دوو چەمكە تەواو لەیەك جیاوازن. «لادان بریتییە لە لادانی یاساكانی زمانی خودكار، بەڵام ئەوە ئەمە ناگەیەنێت كە هیچ سنورێك نەبێت بۆ ئەم لادانە. (لیچ)، لە كاتی باسكردنی لادان و باسكردنی لادان و ڕێسا زیادكراوەكاندا سنورێك بۆ ئەم دوانە دادەنێ. بە بڕوای ئەو لادان تەنیا كاتێك دەتوانێ تا ئەو سنورە بچێتە پێشەوە، كە پەیوەندی دروستكردن تێكنەچێت و بەرجەستەكردن شیاوی دەربڕین بێت. هێڵێكی زۆر باریك هەڵەی زمانی لە داهێنان جیادەكاتەوە. هەردووكیان بریتین لە لادان لە یاسا و بەزاندنیان، یەكێكیان بە دەست شاعیرەكە خۆیەتی و لەژێر دەسەڵاتی دایە بۆ مەبەستێك هێناوێتی، كە (داهێنان)، ئەوی تر لەڕووی نەزانینەوەیە». (دلێر سادق كانەبی، 28:2009).

(لیچ)، پێی وایە هەر لادانێك لە زمانی پێوەر، جۆرێك لە بەرجەستەسازیی بەرهەمدەهێنێت، ڕایدەگەیەنێت« بەرجەستەسازیی ئەو كاتە دێتە دی لادان لە زمانی پێوەر چەمكێك بدات بە دەستەوە، یان بە واتایەكی تر ئەركدار بێت».( كورش سەفەوی، 69:2018).

زانایانی بواری شێوازناسی بۆ لادان چەند مەرج و بنەمایەكیان دیاریكردووە. دەكرێت بگوترێت، لادان لەو مەرجانە هەڵەی زمانی لێدەكەوێتەوە. لە خوارەوە بەكورتی ئاماژە بەو مەرجانە دەكەین.

**پاژی دووەم: مەرجەكانی لادان:**

لێرەدا دوو مەرجی سنوداركردن بۆ لادان دادەنرێت، كە زانایان پێیان وایە بەدەر لە ڕەچاوكردنی ئەم دوو مەرجانە لادان دروستنابێت. ئەوانیش بریتین لە :

«1. بەشێوەیەك بێت لە چوارچێوەی ڕێگە پێدراوی ڕێزماندا ئەنجامبدرێت.

2. دەبێت لادانەکە سودێك بگەیەنیت، چونکە لادان لە خودی خۆیدا ئامانج نییە، بەڵکو ئامانج لە لادان دروستکردنی کاریگەرییە لەسەر خوێنەر، بۆ ئەوەی خوێنەر بەو شێوەیە ئاراستە ببێ، کە واقیع و خەونی نووسەرەکە دەیخوازێت.» (د. ئیدریس عەبدوڵڵا، 63-64: 2010).

**پاژی سێیەم: جۆرەکانی لادان**:

وەکو پێشتر وتمان لادان چەمکێکی فرەڕەهەند و ناجێگیر و گۆڕاوە و پەیوەندی لەگەڵ چەندین لایەن و چەمکی جۆراوجۆری تریش هەیە. کورشی سەفەوی لە کتێبەکەیدا بە ناوی ( لە زمانناسییەوە بۆ ئەدەبیات)، پشتبەستن بە دید و ڕوانگەی لیچ، کە بە ڕابەری لادان دادەنرێت، هەشت جۆر لادان دەستنیشاندەکات، کە بریتین لە:

1. لادانی لێکیسکی2. لادانی ڕێزمانی3. لادانی فۆنۆلۆجی4. لادانی نووسینی5. لادانی دیالێکتی6. لادانی شێوازی 7. لادانی واتایی8. لادانی مێژوویی- سەردەمی ( کورش سەفەوی، 85-91: 2018). هەر لەم ڕووانگەیەوە (د. محەمەد مەعروف فەتاح، 2010: 410-423)، لادانی بۆ شەش جۆر پۆلێنکردووە، کە ئەمانەن (لادانی وشەیی (لێکسیکی)، لادانی ڕێزمانی، لادان لە زار و زمان، لادان لە نووسینەوەی ئاسایی، لادانی واتایی، لادان لە شێوەزار)دا. لە لایەکی ترەوە (ناز ئەحمەد سەعید)، لە ماستەرنامەکەیدا بەناوی (لادان لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا)، لادان بۆ دوو جۆر پۆلێندەکات، ئەوانیش، ئەمانەن:

1- لادانی پێکهاتەیی: ئەم جۆرە لادانەش بۆ سەر سێ ئاستی (دەنگسازی، وشەسازی، ڕستەسازی) دابەشدەکات.

2- لادانی واتایی: جێگۆڕکێ و دەلالی، کە خۆی لە (لادانی واتاسازی، لادانی هێمایی) دەگرێتەوە.(ناز ئەحمەد سەعید: 2013: 9-12). لەم لێکۆڵینەوەدا (لادانی پێکهاتەیی) لە شیعرەکانی (جەلالی مەلەکشا)دا، جێبەجێکراوە و کراوەتە بنەمای بەرهەمهێنانیان، کە لە بەشی دواتردا ئاماژەیان پێدەدرێت و بە نمونە و بەڵگەی شیعرییەوە، دەخرێنەڕوو.

**بەشی دووەم: لادانی پێکهاتەیی لە زمانی شیعریی جەلال مەلەکشادا:**

لەم بەشەدا پاش خوێندنەوەی دەقە شیعرییەکانی شاعیر، سەرقاڵدەبین بە شیکردنەوە و خستەڕووی لادانی پێکهاتەیی و هەر سێ ئاستی (دەنگسازی، وشەسازی، ڕستەسازی)، کە ناوەڕۆك و سنوری لێکۆڵینەوەی پێکهێناوە.

**1- لادان لە ئاستی دەنگسازیدا**: بابەتی دەنگ یەکێکە لە ئاستەکانی زمان، دەورێکی گرنگ و بەرچاوی لە بنیاتی زماندا هەیە و بە بچوکترین یەکەی زمان دادەنرێت، بەڵام شاعیر بەپێچەوانەی ئەو بنیاتە زمانییە باوەوە لە یاسا دەنگییەکان لادەدات و فۆرمێکی نوێ بنیاتدەنێت. (سەنگەر عەسکەر محەمەد، 2022: 36). لادان لە ئاستی دەنگسازیدا، لابردن، یان کرتاندنی دەنگێك، یان زیاتر لە کەرستەی وشەدا، جا ئەو کرتاندنە بکەوێتە سەرەتا، یان ناوەڕاست، یان کۆتایی وشەوە. ئەمەش لەپێناوی دروستکردنی ڕیتم و مۆسیقای شیعر، هەروەها تاموچێژدان بە شیعرەکە و کارکردنە سەر خوێنەرە.
لەم چوارچێوەدا (جەلال مەلەکشا)، بەمەبەستی بنیاتنانی گەلێك دەقی شیعریی جوان و ناسکدا، تێکۆشاوە بە گەلێك شێوەی جۆربەجۆر کۆمەڵێك لادانی دەنگی ئەنجامداوە، کە هەموو ئەمانەش نیشانەی ڕەچەشکێنی شاعیری پێوە دیارە و لە هەوڵدایە، تاوەکو لە ڕێگەی دەقە شیعریەکانییەوە دەنگێکی تایبەت بە خۆی لە جیهانی شیعری نوێی کوردیدا بۆ خۆی تەرخانبکات. بۆ نمونە شاعیر لە دەقە شیعری

(شیعری لاسار)دا، بە ئاشکرا وەکو بەشێك لە لادانی دەنگیی جەخت لە ئاوازی ناوەوە دەکات، کە پەیوەستە بە ناخ و هەستەکانی دەروونیەوە و دەڵێت:

لە ئاکامدا...

بڕیاری دا،

شوورەی دەستکرد بڕووخێنێ...

نهێنی و ڕازی ئەودیو، دیوارەکە بدرکێنێ (جەلال مەلەکشا، 17: 1391).

وەك دەبینین، شاعیر بەشێوەیەکی هونەرمەندانە، ڕیتمی ناوەوەی لە بنیاتی دەقە شیعرەکە بەرجەستەکردووە، کە تێیدا سەرواکانی ناوەوە لە نیوەدێڕی یەکەم و دووەمدا، بەم شێوەیە لە وشەکانی (بڕووخێنێ، بدرکێنێ)دا، ڕەنگی داوەتەوە و فۆنێمی (ێ)، بووەتە سەروای هاوبەش.

یەکێکی تر لەو دیاردانەی، کە ئاستی لادانی دەنگیدا ڕەنگی داوەتەوە و لە بنیاتی هەندێك دەقی شیعریدا بەرچاودەکەوێت، دیاردەی قرتاندنی فۆنێمە، کە پێداویستی دەقە شیعرەکە دەخوازێت و شاعیریش بەناچاری بەرجەستەی دەکات، وەك شاعیر دەڵێت:

بووم بە شاعیر

دەرد و ئازارم هەڵبژارد

لە کارگەی چەوساوانا

بەڵێنم داوە چەپکێ تیشك

لە خۆر بدزم بیدەم لە پرچی شەوەزەنگ! (جەلال مەلەکشا، 17: 1391).

وەك دەبینین، دیاردەی قرتاندنی فۆنێمی (د، ك) لە وشەکانی (چەوساوانا، چەپکێ) ڕوویداوە، کە خۆیان بەم شێوەیەن(چەوساواندا، چەپکێك).

هەر بە زیاد ڕۆچوونمان بە نێو بنیاتی دەقە شیعرییەکانی شاعیردا، گەلێك نمونەی دەقی شیعریمان بەرچاودەکەوێت، کە هەموویان بەڵگەن لەسەر لادانی دەنگی، ئەوەتا لە دەقە شیعریی (شیعری تازە)دا، دیسان دیاردەی قرتاندنی فۆنێمی (د،ت) لە وشەکانی (ئەتوانێ، بخنکێنێ، د)دا بەزەقی دەبیندرێت، هەر وەك دەڵێت:

من شاعیری چەوساوانم

هەزار کوانووی پڕ لە ئاگر

شیعرەکانم ناسوتێنێ

گومی گەندەڵ کەی ئەتوانێ

چیای هاوار لە ناو خۆیا بخنکێنێ

هەر لەوکاتا شیعرەکانم

لە ناو گڕدا هەڵئەقرچان

دەستی مێشکم

لە ناو هێڵی توورەی دڵما

وشەی شیعری تازەی ئەچان (جەلال مەلەکشا، 110: 1391).

**2- لادان لە ئاستی وشەسازیدا:**

وەك ئاشكرایە، وشە كەرەستەیەكی زمانە و ڕۆڵی كارا و بەرجەستەی لە بنیاتنانی دەقی شیعریدا هەیە، كە هۆكارێكە بۆ جوانكردن و دەربڕینی ناخی شاعیر. واتە (( توانا و لێهاتوویی شاعیر لە چۆنیەتی دامەزراندنی وشە، پێوانەیەكی گرنگە بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی بەهای دەقەكەی، لەبەرئەوەشە دەڵێن: وشە بۆ نووسەر وەك ڕەنگە بۆ وێنەكێش، كاتێك وێنەكێش بە كارە هونەرییەكەی هەڵدەستێت، یەكەم جار ڕەنگەكەی هەڵدەبژرێت، بەگوێرەی پێویستی بابەتەكەی، نووسەریش بەهەمان شێوە یەكەم جار وشە هەڵدەبژێرێت.))، (سافیە محەمەد ئەحمەد،98: 2013).

1- داهێنانی وشەی نوێ: لێرەدا شاعیر بەپێی شارەزایی و سەلیقەی زمانیی خۆی وشەیەكی تازە دادەتاشێت، ئەم هەوڵەیش لەپێناوی خزمەتكردنی زمانی كوردیدایە. شاعیر سودێكی زۆر لە ئاستی وشە وەردەگرێت و فەرهەنگی شیعریی خۆی پێ دەوڵەمەند دەكات. ((چونكە وشەی تازە و نەبیستراو دەبێتە سەرنجڕاكێشانی خوێنەر و بەرزكردنەوەی پلەی شیعرێتی دەقەكە و دەرخستنی بلیمەتی تواتایی شاعیر، ئەمەش بە پلەی یەكەم لە زمانی نووسین و شیعردا بەرجەستەدەبێت.)). (شێرزاد عەبدوڵڵا قادر،4-2: 2014). زمانی شعریی شاعیر لە داهێنانی وشەدا زۆر چالاكە. شاعیر بەشێوەیەكی داهێنەرانە وشەی (ساتەمەرگ) ی دروستكردووە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، كە دەسەڵاتێكی زۆری بەسەر وشە و كەرەستەكانی زمانەكەیدا هەیە.

قەت مەپرسە چۆن بە بێ تۆ ژینم تێپەڕكرد

ژن نەبوو، هەر ساتەمەرگ بوو (جەلال مەلەكشا،22: 1391).

شاعیر لە دەقێكی تردا هەر سێ وشەی (غەریبستان، دۆزەخستان، زیكرستان)ی ڕۆناوە، هەوڵی داوە بۆ خولقاندنی شیعریەت و داهێنان لە شیعردا هەوڵی دووركەوتنەوە لە زمانی فەرهەنگی دەدات، گومانیش لەوە دا نییە، كە هەر شاعیرێك فەرهەنگی شیعریی تایبەت بە خۆی هەیە و دەبێتە ناسنامەی.

گەلی یاران!

كاتێك مردم، دەخیلتان بم!

لەم غەریبستانە مەمنێژن (جەلال مەلەكشا، 22: 1391).

لە دۆزەخستانەكانی ئەم دنیا و

من و سمكۆ و ئەبوونەواس

دەستی دیجلەمان گرتبوو

بەرامەی شێخی بادە

ئەو ناوەمان گشت کردبوو بە زیکرستان! (جەلال مەلەکشا، 175: 1391).

2- گشتاندن:

ڕوونە، کە زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و هۆکارێکە بۆ پەیوەندیدروستکردن و لێکگەیشتن لە نێوان ئاخێوەراندا، بەڵام زمانی شیعریی لە زمانی قسەکردنی ڕۆژانە جیاوازترە، بۆیە (( هەر وەك ئەرستۆ دەڵێت زمانی شیعریش، نابێت هەمان زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە بێت و شاعیر هەوڵدەدات بەجۆرێکی دیکە مامەڵە لەگەڵ وشە و هێما زمانیەکاندا بکات و بیانکاتە کەرەستەی زمانی شیعریی.)، (ئەرستۆ، 2004: 84). بەپێی ئەو یاسا و ڕێسایانەی، کە لە زمانەکەدا هەن، شاعیر ئەم ڕۆنانە لەبەرچاو دەگرێت و وشەی دیکەی پێ ڕۆدەنێت. شاعیر لەسەر هەمان یاسا و بنەمای وشەی (نێرگزەجاڕ، توتنەجاڕ)،(ئەوڕەحمانی حاجی مارف، 1978: 54). وشەی (مەرگەجاڕ) ی دروستکردووە. بە باوەڕی لێکۆڵەران، ئەم وشەیە جگە لە گشاتاندن، بە داهێنانیش دەتواندرێت ناوەزەندبکرێت:

شێواوە زەمان

دەسوڕێتەوە بە دەور مەداری مردنا، دنیا...

بەرەو کوێ دەبەن؟

بۆ کام تاراوگە بۆ کام مەرگەجاڕ

ئینسانی تەنیا؟! (جەلال مەلەکشا، 76: 1391).

3- هێنانی وشەی پەراوێزخراو:

لێرەدا شاعیر وشەی (گاسنی) بەکارهێناوە، خودی وشەکە زیاتر پەیوەستە بە بواری کشتوکاڵەوە.

بە گاسنی وشەی شیعر

وەرزی تازە بکێڵمەوە (جەلال مەلەکشا، 76: 1391).

شاعیر لە دەقە شیعرێکی دیکەدا بەشێوەیەکی زۆر سەرکەوتووانە وشەکانی (کوڵە، بەکرەشۆفارە، سیاساڵ، کەپەنك)ی کردووە بە کەرەستەی زمانی خۆی، تاوەکو لە ڕێگەیانەوە فەرهەنگە زمانییەکەی پێ زەنگین بکات.

دەتەوێ، لە ئەوین بپەیڤی؟

ڕاوەستە با بزانم،

لە پشتی دەرکەوە

کوڵەیان لێ نەگرتووین؟

ئاماژە زمانی ئەوینە و

هیچ بەکرەشۆفارێك نازانێ

ژوانگەمان لە کوێیە؟

ئەگەر هەر متمانە بە چاوی یەك بکەین!

پێخاوس ڕێ مەکە گیانەکەم؟

ئەم خاکە ئاوس بە دوو پشکە

گەر نووستی، کەپەنك لەبەربکە

سیاساڵ مار زۆرە

دەستم لێ بەر مەدە (جەلال مەلەکشا، 76: 1391).

یەکێك لە تایبەتە زمانییەکانی جەلال مەلەکشا ئەوەیە، زۆر دەوڵەمەندە بە وشەی پەراوێزخراو، واتە ئەو وشانەی، کە ئێستا لەلایەن قسەکەرانی زمانی کوردییەوە پشتگوێخراون، لێرەدا لە پێناو بەرزڕاگرتن و زیندووکردنەوەی وشە لەبیرکراوە، یاخود کەمبەکاهاتووەکاندا، وشەی (دارەبەن)ی هێناوەتە ناو دەقە شیعرییەکەیەوە.

نازانم چۆن بپەڕمەوە

شەوەزەنگە

بوار نییە

تا چاو بڕکا، لە هەر لاوە

هەر هەڵدێر و دارەبەنە (جەلال مەلەکشا، 165: 1391).

4- بەکارهێنانی وشەی ڕۆژانە/ وشەی سەردەم:

ئەم جۆرە لادانە شێوازێکە لە لای زۆربەی شاعیران دەبینرێت. شاعیرانی کورد لە زۆربەی سەردەمەکاندا هەوڵیانداوە و شعیریان بە بڵندگۆی خستنەڕووی کێشەکانی سەردەم داناوە. (حەمە نوری عومەر کاکی، شەیدا ڕەشید محەمەد، 2019: 227). جەلال مەلەکشا هەوڵیداوە سود لە وشەی سەردەم و ڕۆژانەی خەڵکی وەربگرێت، دیارە مامەڵەی شاعیر لەگەڵ وشەی سەر زاری خەڵکی جوانیی و بەهێزیی دەبەخشێتە دەقەکانی. شیعری (چەپکێ تیشك)، یەکێك لەو دەقە شیعرانەی شاعیر، کە لە ساڵی (1979)دا نووسیوێتی، زمانەکەی نزیکە لە زمانی ڕۆژانەی خەڵکی و پڕە لە وشەی ڕەوان و پەتی، وەك دەڵێت:

بووم بە شاعیر

دەرد و ئازارم هەڵبژارد

لە کارگەی چەوساوانا

بەڵێنم داوە چەپکێ تیشك

لە خۆر بدزم بیدەم لە پرچی شەوەزەنگ! (جەلال مەلەکشا، 17: 1391).

شاعیر لەم دەقەدا لەگەڵ خەڵکیدا دەدوێت، ((بەڵگەی سەلمێنەری ئەو بۆچوونەیە، کە زۆربەی خەڵکی لێی تێدەگەن، ئەمەش لە پێناو هۆشیارکردنەوەیی چینی هەژاران زەحمەتکێشان و ڕۆشنکردنەوەی ڕێگای ژیانیان لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە، کە وەك تفەنگ بە ڕووی نەیاراندا دەوەستێتەوە)). (ثریا احمد عبدالله، 106: 2022).

5- بەکارهێنانی ڕۆنانی بەربڵاو: لێرەدا زۆرجار شاعیر دەستکاری ڕۆنانی وشەکان دەکات، ئەمەیش لە پێناو جوانکردنی زمان و گەمە زمانییەکان دایە. لێرەدا شاعیر گەمەی بە فرێزی ناوی (ڕۆژ و شەو، ڕۆژ و ساڵ و سەدە) کردووە، هەر وەك دەڵێت:

عەنتیکەیە ئەم پیاوەی شەو و ڕۆژ (جەلال مەلەکشا، 19: 1391).

بە زمانی شکانەوە لەناو سەدەکان، ساڵەکانا، ڕۆژەکانا...

(وەختێك هەیە بۆ شکانەوەی سروشت بەسەر خۆیدا) (جەلال مەلەکشا، 66: 1391).

6- بەکارهێنانی وشەی بێگانە: هەر شاعیرێك بەپێی سەلیقە و توانستی زمانیی خۆی، سود لە وشەی بێگانە وەردەگرێت و لادان دروستدەکات. لێرەدا شاعیر لە بری وشەی (خەیاڵ) وشەی (یوتوپیا)ی هێناوە:

لەوێوە، لەگەڵ بێهودەیی

کامەرانییەکانم ڕادێم.... سەیری ڕووخانی

یوتوپیاکانی سادەییم ئەکەم (جەلال مەلەکشا، 32: 1391).

7- لادانی زاری/ شێوەزاری: نەبوونی زمانی ستاندارد ڕێگەخۆشکەرە بۆ دروستبوونی ئەم جۆرە لادانە. واتە شاعیر جگە لە زاری ناوچەکەی خۆی، سود زاری ناوچەیەکی دیکە وەردەگرێت و شێوازێکی جوان و سەرنجڕاکێش بە دەقەکەی دەبەخشێت. زمانی دەقەکە ناباوی بە خۆیەوە دەبینێت. هەر وەك (د. عێزەدین مستەفا ڕەسوڵ) ئەم جۆرە لادانە بە کارێکی یەکجار ئیجابی و گرنگ دەزانێت و دەڵێت ((کارێکی گرنگتری لەم بەدوادا گەڕانە ئەوە بوو، کە شاعیر خۆی بە دیالێکتی قسەکردنەوە نەدەبەست، بەڵکو دیالێکت و بەشە دیالێکتەکانی زمانی کوردی موڵکی شاعیر بوون.)). (عێزەدین مستەفا ڕەسوڵ، 46: 1990).

دەردەرکەوێت، کە جەلال مەلەکشا، پەیڕەوی ئەم جۆرە لادانەی کردووە و چەندین وشە و دەستەواژەی لە زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردییەوە وەرگرتووە، هەر وەك لەم نمونەی خوارەوەدا، دەڵێت:

ئەوشەو چەند ئەستێرەی چاوگەشیان

لە خاکدا چاندووە!

مەیژە ڕەش بۆ دنیا ئەڕوانیێ! (جەلال مەلەکشا، 121: 1391).

شاعیر لەبری کرداری (مەڵێ) بە سودوەرگرتن لە کرداری (مەیژە)، دەقە شیعرییەکەی ڕازاندووەتەوە، کە تایبەتە بە شێوەزاری گەرمیان.

لە دەقە شیعرێکی تردا، شاعیر کەڵك لە وشەی (مەخابن)ی زاری ژووروو وەردەگرێت، کە دەڵێت:

سەد مەخابن! من ئەویندارى هەژار و تۆ لە خۆبایی...

ئێستە سەرگەردان.... (جەلال مەلەکشا، 21: 1391).

**3- لادان لە ئاستی ڕستەسازیدا:** ڕستە پێکهاتەیەکی گرنگ و پڕبایەخە و ڕەگەزێکی بنچینەیی قسەکردنە، هەموو زمانێك دەستورێکی تایبەت بە خۆی هەیە، واتە بەپێی یاسایەك کەرەستەکانی ڕیزدەکات، کە جیاوازە لە یاسا و ڕیزکردنی زمانێکی دیکە، بۆ نمونە: سینتاکسی ڕستەی کوردی (s+o+v)، (بکەر+ بەرکار+کردار)ە، گەرچی بۆ شاعیر ڕیگەپێدراوە دەستکاری ڕیزکردنی ئەم کەرەستانە بکات. (ناز ئەحمەد سەعید، 2013: 2013)، چونکە شاعیر هەوڵدەدات لە ڕێگەی گۆڕینی ڕیزبەندی کەرەستەکانی ڕسەی زمانی خۆکار لە زمانی خۆکار لابدات و بەمەش لادانی ڕستەسازی ڕوودەدات. سەفەویش وای بۆ دەچێ، کە شاعیر دەتوانێت لە شیعری خۆیدا بە جێگۆڕکێی توخمە پێکهێنەرەکانی ڕستە لە یاسا ڕستەسازییەکانی زمانی خۆکار لابدات و زمانی خۆی لە زمانی خۆکار جیابکاتەوە. (دلێر سادق کانەبی، 47: 2009). بۆیە، ئەگەر لە دەقە شیعرییەکانی (جەلال مەلەکشا) وردبینەوە، دەبینین بە گەلێك شێوەی جۆربەجۆر لادانی ڕستەیی لە بنیاتنانی هەندێك لە دەقە شیعرییەکاندا پەیڕەوکردووە و توانیوێتی شێوازێکی نوێ و داهێنەرانە بە بنیاتی دەقە شیعرییەکان بدات.

یەکێك لەو شێواز و جۆرە لادانە ڕستەییانەی، کە لە بنیاتنانی دەقە شیعرییەکانی شاعیردا بەرچاودەکەوێ، دیاردەی کرتاندنی وشەیە، کە تێیدا شاعیر هەڵدەستێت بە کرتاندن و لابردنی وشەیەك، یان زیاتر لە بنیاتی ڕستە بنەڕەتییەکە، نمونەی ئەمەش لە شیعری (تەنیا)دا ڕەنگی داتەوە:

تەنیا و غەریب

لە چوار ڕیانی گەردوونا ڕاوەستاوم

وەکو باوە ئادەم تەنیا

لە خاکێکی ڕەش خولقاوم! (جەلال مەلەکشا، 18: 1391).

وەك دەبینین، شاعیر بکەری دەقە شیعرەکانی کرتاندووە، کە بەم شێوەیەن (من لە چوارڕێیانی گەردوونا ڕاوەستاوم، من وەکو باوە ئادەم تەنیا، من لە خاکێکی ڕەش خولقاوم!) بێگومان ئەوەی شاعیر کردوویەتی بۆ ڕازاندنەوەی بنیاتی دەقە شیعرییەکە و دیاردەی ئابوریکردنە.

لایەنێکی تری لادانی ڕستەیی لە دەقە شیعرییەکانی شاعیردا، کرتاندنی کردارە، ئەگەر سەرنج لەم دەقە شیعرییەی خوارەوە بدەین، دەبینین، سێ جار کرداری (بردن) کرتێندراوە. دیارە ئەمەش بۆ مەبەستی ئابوریکردن، واتە ئاساندەبرێن دەگەڕێتەوە. لە لایەکی تریشەوە بۆ ئەوەیە، هەتا شاعیر ئەو ڕۆنانە ئاسایی و بنەڕەتییە بگۆڕێت، هەتا بەهۆیەوە سەرنجی خوێنەر ڕابکێشت و داهێنان ئەنجامبدات. وەك دەڵێت:

نامەی دڵدارانەم پێ بوو

بۆ خوا، بۆ ئاسمان، بۆ دەشت

بۆ بارگای عەشقم ئەبرد! (جەلال مەلەکشا، 39: 1391).

هەروەها لە شیعری (بێ وڵات)دا بە هەمان شێوە دیاردەی کرتاندن بەرچاودەکەوێت، شاعیر زیرەکانە ئامرازی لێکدەری (هەتا)ی لابردووە، وەك دەڵێت:

بستێ خاکم دەست ناکەوێ

ئەم جەستە پڕ لە ئازارەی

تیا بنێژم! (جەلال مەلەکشا، 31: 1391).

یەکێکی تر لەو دیاردە لادانە ڕستەیانەی، کە لە بنیاتی هەندێك لە دەقە شیعرییەکانی شاعیردا بەرچاودەکەوێت، دیاردەی پاش و پێشخستنە، کە تێیدا شاعیر هەڵدەستێت بە پاش و پێشخشتن و جێگۆڕکێکردن بە هەندێك لە کەرەستەکانی ڕستە. واتە کەرەستەکان لە شوێنی خۆیاندا بەکارناهێندرێن، بۆ نمونە شاعیر لە شیعری (بێ وڵات)دا دەڵێت:

چل ساڵە من

تەرمی خۆمم لە کۆڵ ناوە

دەیگێڕم و ئەشك ئەڕێژم

ڕێگەی دووری تەمەن ئەبڕم

بستێ خاکم دەست ناکەوێ

ئەم جەستە پڕ لە ئازارەی

تیا بنێژم! (جەلال مەلەکشا، 31: 1391).

وەك دەبیندرێت، شاعیر دەبووایە، بیگوتایە (من چڵ ساڵە، تەرمی خۆمم لە کۆڵ ناوە)، لەبری ئەمە، بکەری (من)ی خستووەتە دوای فرێزی ناوی (چڵ ساڵ)ەوە. دیارە ئەوەش بۆ پاراستنی مۆسیقا و ڕیتمی شیعرەیەکە دەگەڕێتەوە. لە لایەکی تریشەوە بۆ ئەوەیە، تا شاعیر ئەو ڕۆنانە ئاسایی و بنەڕەتە بگۆڕێت و بەهۆیەوە سەرنجی خوێنەر ڕاکێشت و داهێنان ئەنجامبدات.

هەروەها شاعیر لە دەقە شیعریی (فەرمان)یشدا بە هەمان شێوە دیاردەی پاش و پێشخستنی ئەنجامداوە، هەر وەك دەڵێت:

عومری باڵندەی بەرزەفڕ

کورتە بەقەد تەمەنی گوڵ

هەر زوو ئەمرێ! (جەلال مەلەکشا، 23: 1391).

شاعیر لێردا فرێزی کرداربەندی (کورت) و کرداری (ە)ی هێناوەتە سەرەتاوە، دەبوو بەم جۆرە بووایە (عومری باڵندەی بەرزەفر بەقەد تەمەنی گوڵ کورتە).

**ئەنجام**

لەم لێکۆڵینەوەدا، بە چەند ئەنجامێك گەیشتووین، کە ئەمانەن:

1- لە ئەنجامی پەیڕەوکردنی لادانی پێکهاتەیی لە دەقە شیعرەکانی جەلال مەلەکشادا، دەردەکەوێت شاعیر زمانێکی تایبەت بە خۆی بەرهەمهێناوە.

2- شاعیر بە گەلێك شێوەی جۆربەجۆر کۆمەڵێك لادانی دەنگی ئەنجامداوە و هەوڵی داوە لە ڕێگەی ئەم جۆرە لادانەوە جەخت لە ئاوازی ناوەوە بکاتەوە، کە پەیوەستە بە ناخ و هەستەکانی دەروونی شاعیر خۆیەوە.

3- بە گەلێك شێوەی جۆربەجۆر لادانی ڕستەیی لە بنیاتنانی هەندێك لە دەقە شیعرییەکانی شاعیردا دەردەکەوێت. جەلال مەلەکشا توانیوێتی شێوازێکی نوێ و داهێنەرانە بە بنیاتی دەقە شیعرییەکان بدات. لە لادانی ئاستی ڕستەییدا پاش و پێخشتن بە کەرەستەکانی نێو شیعر دەکرێت، ئەمەش بۆ گەیاندنی واتایەکی بەهێزە، تاوەکو شاعیر هەست و سۆزی خۆی دەربڕیت. جگە لەوەش دیاردەی کرتاندن بەکارهێنراوە، ئەمەش بۆ مەبەستی ئابوریکردن و کارکردنە سەر سەرنجی خوێنەر دەگەڕێتەوە.

4- لادان لە ئاستی وشەدا لە شیعرەکانی جەلال مەلەکشادا بەدیدەکرێت، ئەمەش توانا و سەلیقەی زمانیی شاعیر پیشاندەدات. لادانەکانی ئاستی وشە لە زمانی شیعریی شاعیردا خۆی لەمانە دەبینێتەوە (داهێنانی وشەی نوێ، گشتاندن، هێنانی وشەی پەراوێزخراو، بەکارهێنانی وشەی سەردەم، بەکارهێنانی ڕۆنانی بەربڵاو، بەکارهێنانی وشەی بێگانە و لادانی زار)، بەڵام لەم نێوەدا هێنانی وشەی پەراوێزخراو، زۆرترین بەکارهێنانی هەیە، ئەمەش بۆ بەرزڕاگرتن و زیندووکردنەوەی وشە لەبیرکراوەکانی زمانی کوردییە.

## References:

1-Edres Abdulla, (2010), shewaz u shewargari, chapi yakam, hawler.

2- Aresto, (2004), hunari shiher, wargerani: Azez gardi, chapxanai gang, slemani.

3- Awrahmani haji marif, (1977), wsha ronan, chapxani kori zanyari kurd, baxdad.

4- Dler sadeq kanabi, (2009), hade ladi zmai lai se shaeri kurd, chapi yakam, dhok, chapxanai xani.

5- Ezaden mstafa rasul,(1990) adabyati nuwi kurdi, chapxanai xwndi bala, zanko baxdad, baxdad.

6- Jalal malaksha, koy barhama shietyakani,(1391), chapxanai taran, taran.

7- Kwrsh safawy, wargerani: Osman dashti (2018), la zmanawaniyaw bo adabyat, chapi yakam, chapxani rozhhalat, hawler.

8- Mahamad maruf fatah, (2010), lekolinawa zmanawaniyakan, chapi yakam,

9- Naz amhad saeid, (2013), ladan la shieri latef halmatda, chapi yakam, chapxanai benay, , slemani.

10- Sangar askar mhamad, (2022), ladan la daga shehriyakai (abdulqader saeid)da, namai mastar, zankoy charmo.

11- Suraya ahmad Abdulla, (2022), azmuni shiery jalal malakshada, namai mastar, zankoy charmo.

12- Safya mhamad ahmad, (2013), ladan la shieri hawjarxi kurdida, chapi yakam, blawkrawakani akademyai kurdida, hawler.

13- Saxri slemani mihr abad, (1394), barrsya nmudhaya hanjargwrezi dar xan hashtam w , raz mandgar in shir, pazuhaznama fnun adabi, danshgay asfahan.

Chapxanai rozhhalay, hawler.

14- SHerzad Abdulla qader, (2014), ladan la shieri rafeq saberda, name mastar, zankoi slemani.

15- SHeda rashed mhamad, hama nuri kaki,(2019) shewazi shieri sherko bekas la asti pekhataida, gofari zankoi garmyan.